www.hetaw.net
ژمارە (٧٦٨) چوار شەممە ٢٣ی تەمموزی ٢٠٠٨ی
ئالای ئازادی هەموو چوارشەممەیەك



**مونتەدا یان مولتەقایەکی کوردستانی بۆ ئاشتیو دیالۆگ، واتا ئاشتی هەم لەناوەوەو هەم بەرەو رووی دەرەوە، هەم دیالۆگی کوردی . کوردیو دیالۆگی کوردیو غەیرە کوردی، ئەو دوو وشەیە دەتوانێت توانای راکێشانی باش بێتو دەشتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەو پێشوەچوونانەی هاوچەرخو هی رۆژانی ئێمە بێت لەسیاسەتدا**

# گوتاری سیاسی رەسمی لەباشووری کوردستان هێشتا دیلی ئۆتۆنۆمیزمە"

## دکتور بورهان یاسین مامۆستای زانکۆی لۆند_ سوید بۆ ئالای ئازادی

**ئا: رەزا مەنوچەهری**

**بەشی دووەم**

**لەم ماوەیەدا چەندین کەسایەتی سیاسییو ئەکادیمی هەوڵی خۆیان یەکخستووە بۆ رێکخستنی کۆنفرانسی مولتەقای کوردستانی بۆ ئاشتیو دیالۆگ، ئامانجی ئەو کۆنفرانسە دیاریکردنی پرەنسیبێکی نەتەوەییە کە لایەنە سیاسییەکانو کەسایەتیو حیزبەکان وەکو هێڵی سوورو هاوبەش سەیری بکەنو پێیەوە پابەندبن، ئەندامێکی کۆمیتەی ئامادەکاری ئەم کۆنفرانسە (دکتور بورهان یاسین)ەو لەم چاوپێکەوتنەی ئالای ئازادیدا تیشکدەخاتە سەر لایەنەکانی کۆنفرانسەکەو هەڵوەستە لەسەر وردەکارییەکانی دەکات.**

---

**ئالای ئازادی: لەباکوور P.K.K چۆن لەپرۆژەکەتان نزیک بوویەوە، ئامادەبوو بۆ ئاشتی هەنگاوی پێویست بنێتو ئەوەی پێی کرا درێغی نەکرد، چونکە وەک ئاماژەت پێکرد پەیوەندیەکانی دیالۆگی باشوور لەگەڵ P.K.Kتۆکمەو رێکوپێک نەبووە؟**

د. بورهان یاسین: دوو خاڵ هەیە، هەڵبەت یەکێک لەو ئەکتەرانەی کە هەر زوو پرۆژەکەی دەستکەوتووە کۆنگرەی گەل بووە، واتە بەشێوەیەک لەشێوەکان لایەنی P.K.Kو پێمان گرنگ بوو کە ئەوان کاردانەوەیان هەبێت، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی کاردانەوەیان پۆزەتیڤانە بوو بۆ ئەو هەنگاوە، بەڵام شتێک هەیە کە زۆر گرینگە ئەویش ئەوەیە P.K.Kو کۆنگرەی گەلو ئەو رێکخراوانەی لەدەوروبەری P.K.Kدا دروستکراون سیاسەتیان ئەوەیە کە دەبێت تورکیا لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆ بکات، کە تورکیا بۆ ئەوە ئامادە نییە. دیارە لێرەدا پرۆژەکە بیرۆکەیەو دەبێت فەرق بکەین لەگەڵ پرۆژە وەکو بیرۆکەو پلان بۆ بەجێهێنانی پرۆژەکە. ئەگەر دەسەڵاتی باشووری کوردستان بهاتایە بەشێوەیەکی دی بەخێرهاتنیان لەپرۆژەکە بکردایەو بیان گوتایە ئێوە پلانێکی جێبەجێکەرو میکانیزمێک دابنێن بۆ ئەوەی ئێمە چۆن ئەو بیرۆکەیە بخەینە ئاستی جێبەجێکردنەوە، لەو کاتەدا ئێمە دەگەراینەوەو پلانێکیشمان پێشکەش دەکرد، بەڵام ئەوەی کە کاردانەوەی دەسەڵات بوو ئەوە بوو کە بەڵێ ئێمە ئەو شتە دەکەینو بەشێوەی خۆمانو ئیمکانیەتی خۆمان دەیکەین. لەبەر ئەوە دەتوانیین بڵێین بیرۆکەکە کەوتە سەر مێزی دەسەڵات لەباشووری کوردستان.

**ئالای ئازادی: بەبڕوای ئێوە ئەزموونی حەڤدە - هەژدە ساڵەی حکومڕانی لەباشووری کوردستان گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بەچ ئاراستەیەکدا بردووەو توانیویەتی ببێتە مۆدیلێک کە چارەسەری کێشەی کوردی لێبکەوێتەوە، یان رووبەرووی کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆیی بووەتەوەو نەیتوانیوە تێیپەڕێنێت؟**

د. بورهان یاسین: بەڕای من گوتاری سیاسیی، تۆ بڵێ گوتاری رەسمی لەباشووری کوردستان لەچوارچێوەی ئەوەی من پێی دەڵێم ئۆتۆنۆمیزم دەرنەچووە، من دەڵێم ئۆتۆنۆمیزم ناڵێم ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمی تەرتیباتێکی ئیدارییە، ئۆتۆنۆمیزم پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژییە کە تیادا جێگای کولتوری سیاسییو سایکۆلۆجیەتی ئەو گروپە کە داوای ئۆتۆنۆمی دەکات شێوەی خۆناساندن، خۆ دیتن، پەیوەندیی راڤەکردن لەگەڵ نەتەوەی سەردەست یان زۆرینە نیشان دەدات، لەبەر ئەوە من وشەی ئۆتۆنۆمیم گۆڕیوە بە ئۆتۆنۆمیزم. ئەگەرچی لەساڵی ٩٢ وە بەشێوەیەکی رەسمی پەرلەمانی کوردستان دوای هەڵبژاردن فیدراڵیی پەسەند کردووە، بەڵام بەخوێندنەوەی من فیدراڵی ناوێکی ترە بۆ ئۆتۆنۆمی، لەراستیدا کۆمەڵێک ئۆتۆنۆمی لەجیهاندا بوونیان هەیە کە بەهێزترن لەو فیدراڵیەی کە بۆ کورد نووسراوە لە رەشنووسی دەستوردا. لەهەندێک خاڵدا ئۆتۆنۆمیەکەی دورگەی (ئۆلان) لەبەینی فینلەنداو سوید بەهێزترە لەم فیدراڵیەی ئێمە، ئۆتۆنۆمیەکەی (گرین لاند) کە سەر بە دەنیمارکە بەهێزترە لەفیدراڵیەکەی ئێمە، چونکە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە کە لەهەر رێکخراوێکدا بن یان نەبن مەرج نییە دەنیمارکی تێدا بێت، بۆ نمونە لەساڵی ١٩٨٢ بڕیاریاندا لەبازاڕی هاوبەشی ئەوروپی بچنە دەرەوە گەرچی دەنیمارک تیایدا مایەوە، ئێمە لەکوردستان مافی ئەوەمان پێنەدراوە کە لەکۆمکاری عەرەبیدا نەبین با عێراق عەرەبی بێت یان عەرەبی نەبێت. هەروەها (کەتەلۆنیا) - لە ئیسپانیا - پەراوێزێکی زیاتریان هەیە لەسیاسەتی دەرەوەی ئیسپانیا تاکو ئێمە لەسیاسەتی دەرەوەی عێراقدا، ئەوەش جیاوازە لەوەی کە وەزیری دەرەوەی عێراق کوردێکە، ئێمە باس لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەکەین کە ئەو ناتوانێت ئەوەندە ئیقراری بکات، بەڵکو ئەو سەری دیپلۆماسیەتەکەیە. بەهەر حاڵ ئەوەی کە دەمەوێت جەختی بکەمەوە گوتاری سیاسی لەباشووری کوردستان ئی رەسمی هێشتا دیلی بۆچوونی ئۆتۆنۆمیزمە، واتە هەڵسوکەوتودیتن لەو چوارچێوەیەدایە. ئەمڕۆ کەسەیری ئەو قەیرانانە دەکەێت رووبەرووی باشووری کوردستان بووەتەوە لە پەیوەندیی لەگەڵ بەغدایا کە هەندێکجار بەشێوەی گلەییو منگەمنگ دەردەکەوێت، لەراستیدا شاردنەوەی ململانێکانە. بەبڕوای من ئەو گوتارە گوتاری ئۆتۆنۆمیزمە، واتە گوتارێکە کە لەچوارچێوەی ئەوەدا نایەتەوە کە تۆ نەتەوەیەکی بەشدار و شەریکیت لەو وڵاتەداو یەکسانیت. لەراستیدا لایەنی عەرەبی دەستیکردووە بەپرۆسەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورد وەکی نەتەوەی دەستی دووەم.

**ئالای ئازادی: ئەمڕۆ زۆر باسی ئەوە دەکرێت کەباوی شەڕی چەکداری نەماوە، وەک دەشزانرێت میکانیزمەکانی دەسڕاگەیشتن بەمافەکان گۆڕاون، بەبڕوای ئێوە حکومەتە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستان بڕوایان بەوە هەیە کە رێگاچارەی سیاسی بۆ کێشەی کورد بگرنەبەرو پەنا بۆ سەرکوتو چارەسەری عەسکەریانە نەبەن؟**

د. بورهان یاسین: بە بڕوای من لەکۆتایی پرۆسەی ئەنفالداو لەشکستی هەرە مێژوویی لەجوڵانەوەی چەکداری لەباشووری کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی قەناعەتێک لەباشووری کوردستان لەلای سەرکردەکان دروستبوو کە ئیدی دەبێت بەڕاستی بەشێوەیەک لەشێوەکان دەست لەخەباتی چەکداری هەڵبگیرێت، هەندێک لەو قسەو باسانەی لەو کاتەدا دەکران ئەوە بوو کە ئیدی دوژمن بووە بەخاوەنی چەکی کیمیاویو بایەلۆژیو ئێمە تاقەتی ئەوەمان نییە رووبەرووی ئەوە چەکە ببینەوە، هەندێک لەبۆچوونەکانی دیکە کە بەبڕوای من سەرنجڕاکێش بوون نا ئەوە کێشەی جۆری چەک نییە، بەڵکو خەباتی چەکداری کە بەرانبەر هەر چەکێکی تر بیکەێت ماناو گرنگیی خۆی لەدەستداوە، بەڕاستی کەسێکی وەک کاک مەسعود بارزانی کە کەسایەتیەکی دیاری گرنگی سەر مەیدانی باشووری کوردستانە ئەوەی زۆرجار جەختکردووەتەوە کە کاتی خەباتی چەکداری بەسەرچووە. لەوانەیە ئەو لەو قسەیدا ئیشارەتێک دەدات بە P.K.Kو باکووری کوردستان کە کاتی چەک نەماوە، بەڵام بۆخۆیشم بەشەخسی لەساڵی ٨٩ لە ستۆکهۆڵم گوێم لەکاک مەسعود بووە کە کورد لەقەیرانو تراژیدیایەکی هەرە مێژوویدا دەژیا، دوای تراژیدیاکەی ١٩٧٥ لەشکستهێنان لەراستیدا ئەو گوتی کاتی خەباتی چەکداری بەسەرچوو، بەو راشکاوییە لەو سمینارەی ستۆکهۆڵمدا ئەوەی گوت. لەبەر ئەوە بەبڕوای من هێدی هێدی خەریکە قەناعەتێک دروست دەبێت کە خەباتی چەکداری ئەو بەهایەی کەهەیبوو لەدەستیداوە، ئەو لەدەستدانی بەهایش بەڕاستی وەک من گەڕامەوە بۆی لەسەر جۆری چەک ناوەستێت کە دوژمن بەکاری دەهێنێت، بەڵکو گۆڕانی جیهانە، لەجیهانی شەڕی چەکداریداو لەنێو دوو بلۆکی جیهانێکی پڕ لە (کۆنفلیکت)و پڕ لەململانێ، لەو ململانێیەدا تۆ جێگایەک بۆخۆت دەدۆزیتەوەو لەسێبەری لایەنێکدا خۆت دەدیتەوە، دیارە ئەو گۆڕانکاریانە بەبڕوای من رۆڵێکی گەورەیان هەیە لەوەی کە تۆ خۆت راگوێزیت لەخەباتی چەکداری بۆ خەباتی سیاسی.

**ئالای ئازادی: ئێمە وەک کورد بڕوامان بەو گۆڕانکاریانە هەیە، بەڵام دەسەڵاتدارانی سەر دەستی کوردستان تا چ رادەیەک قەناعەتیان بەوەیە کە ئیدی شێوازی داپڵۆسینی کورد، شێوازی چەکداری، تیرۆری کەسایەتیە کوردەکانو سوتاندنی لادێکانی کوردستان بەکارنەهێنن. تاچەند بڕوایان بەوە هەیە دانیشن لەگەڵ کورد کێشەکە چارەسەر بکرێت، واتە دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان ئێران، تورکیاو سوریا چ قەناعەتێکیان هەیە کە دانیشن لەگەڵ هێزێکی کوردی کێشەی کورد بەشێوەی سیاسیو دیپلۆماسی چارەسەر بکەنو شەو و رۆژ هێرش نەکاتە سەر لایەنی کوردیو توندوتیژی بەرامبەر کورد بەکار نەهێنێت؟ ئەوان چەند بڕوایان بەو گۆڕانکارییە هەیە کە ئاماژەت پێکرد؟**

د. بورهان یاسین: ناکرێت ئەو گۆڕانکارییە هی رۆژ و شەوێک بێت، گەر تۆ وەکو نمونە سەیری تورکیا بکەێت یەکێکە لەو رژێمە هەرە رەگەزپەرستانە لەمەسەلەی کێشەی کورددا، لە راستیدا تورکیا سیستمی (ئاپارتاید)ە-جیاریی رەگەزی - لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەگەر سەیر بکەێت لەساڵی ٩١وە تاکو ئێستا ٢٠٠٨ کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتی تورکیادا روویداوە، یەکێک لەوانە لە ٩١ دانی بەوەدا نا کە گەلێک هەیە لەتورکیا بەناوی کوردو ژمارەیان ١٢ ملیۆن کەسە، ئەوە لەسەر زاری راوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا راگەیەندرا. ئێستا لەو هەموو ماوەیەدا دیارە هێزانێکو ئەحزابێکو کەسایەتیەکی زۆر لە تورکیادا هەن کە دەڵێن کێشەی کورد دەبێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەوان کێشەیەکیان هەیە لەسەر رێگای چارەسەری ئاشتیانە، ئەوان بۆ چارەسەریی ئاشتیانە گۆڕانکاریی ئابووریو کۆمەڵایەتیان هەڵبژاردووەو لایەنە سیاسیەکەی نابینن، واتە لایەنی سیاسیانەی مافی نەتەوەی کورد نابینن، بەڵام ئەوەش خۆی لەخۆیدا دان پێدانانێکە کە کێشەی کورد دەبێت بەئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەگەرچی ئەوان نیوەکەیان وەرگرتووە کە پێشوەچوونی کۆمەڵایەتی - ئابورییە، لەراستیدا ئەو تێزە تێزێکی کۆنتریشە لە نەوەدەکان. پرۆژەی (گاپ) رێکخستنەوەی ئاو لەدیجلەو فوراتو بەتایبەتی لەرووباری فورات کە ٣٢ ملیار دۆلاری تێدەچێتو نۆ ویلایەتی ناوچە کوردیەکان دەگرێتەوەو مەبەستیشە بوژاندنەوەی ئەو ناوچەیە بێت لەهەموو روویەکەوە، لەراستیدا ئەوە دەخزێتە ناو ئەو بۆچوونەوە، ئەوان مەغدوریەتو مافخوراوی کوردیان بینیوەو لەراستیدا دەیانەوێت لەپێشخستنی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە چارەسەری کێشەی کورد بکەن، دیسان گۆڕانکاریەک هەیەو ئەو گۆڕانکارییە تێری ئەوە ناکات کە وەڵامدەرەوەی داواکاریەکانی کورد بێت، بەڵام دەکرێت لەپێشوەچوونێکدا موفاجەئەیەک بەخۆیەوە ببینێت، من لەو بڕوایەدام رەجەب تەیب ئەردۆگانو حیزبەکەی ئەوڕۆ دەخوازن زیاتر کار بکەن لەوەی کە هەیە بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەو زیاترە چییە من ناتوانم بیڵێم، بلأم ئەوان لەو بڕوایەدان کە ئەو کێشەیە دەبێت بەئاشتی چارەسەر بکرێت. کێشەیەکی گەورە ئەوەیە کە دامودەزگاری سەربازی لەتورکیا رێگرێکی هەرە گەورەیە بۆ ئەو ئاراستەیە، لەناو ئەوانیشدا گۆڕانکاریەک هەیە هەر لە نەوەدەکانەوە دەستیان کردووە بەوەی کە چارەسەریی سەربازی وەڵامدەرەوە نییە، بەڵکو دەبێت گۆڕانکاریی ئابووریو کۆمەڵایەتی بکرێت. ئەوەش خۆی لەخۆیدا راستیی گۆڕانکارییەکە لەو ناوچەیەدا.

**ئالای ئازادی: ئەحمەد ئاڵتان لەپاش ئازادکردنی هەشت دیلە تورکەکە لەلایەن پەکەکەوە لە وتارێکدا دەڵێت پەکەکە تاکو ئێستا بەبەردەوامی گرەوەکانی دۆڕاندووە، واتە تورکیا گرەوەکان دەباتەوەو پەکەکە دەیان دۆڕێنێت، بەڵام ئەمجارەیان پەکەکە گرەوی خەڵکو رای گشتیی جیهانیی بردەوە، ئیدی لەلایەن کۆمەڵێک رێکخراوی گرنگەوە بەو چاوەی جاران سەیری پەکەکەیان نەدەکرد، لەمیدیاکانی جیهاندا زۆر زیاتر دەیانگوت جەنگاوەرانی پەکەکە نەک تیرۆریست، قسەکەی ئەحمەد ئاڵتان راستە پەکەکە تاسەر ناتوانێت ئەو گرەوانە بباتەوە، دەستگیرکردنی ئەو گەشتیارە ئەڵمانیانە لەچیای ئاگری تاچەند ئەو جۆرە سیاسەتو مامەڵانە، تا چەند روخساری خەباتی چەکداری یان روخساری خەباتی پەکەکە ناشیرین دەکات؟ تورکیا چەند لەو گرەو قازانج دەکات؟**

د. بورهان یاسین: گومانم لەوەدا نییە کە تورکیا لەکارێکی لەو جۆرەدا براوەیەو کورد دۆڕاوە، لەراستیدا ئیتر کاتی ئەوە نەماوە تۆ هەندێک گەشتیاری ئەڵمانی، یان ئەورپی، یان هەر وڵاتێک بەبارمتە بگریت بۆ ئەوەی سیاسەتێک بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنیت کە بەدڵی تۆ بێتو نایشیکات. دیتمان لەپرۆسەی شەڕی رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا بەرامبەر بە قاعیدە ئەو شێوە گوشارانە لەراستیدا بەقازانج ناگەڕێتەوە بۆ ئەو جوڵانەوەیە، بۆیە بەبڕوای من بەزەرەر تەواو دەبێتو پەکەکە بەشێوەیەکی گشتی پێویستیی بەپێداچوونەوەیەکی جەزریو جدی هەیە، بەبڕوای من پەکەکە زۆر دەرفەتی لەدەستدا بۆ پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەریو قوڵ کە وەڵامدەرەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بێت کە لەکۆتایی جەنگی ساردەوە بەسەر جیهانو ناوچەکەدا هاتووە، لەراستیشدا پەکەکە ئێستا چاوەڕوانی ئەو گۆڕانکارییە دەکات، مەسەلەکە لەسەر ئەوە نەوەستاوە کە تورکیا چۆن هەڵسوکەوت دەکات، بەڵکو بەهەمان رادە پەکەکە چۆن لەزەمانی خۆی تێدەگاتو چۆن جیهان دەخوێنێتەوەو چۆن گۆڕانکاریەکان هەڵدەسەنگێنێت گرنگە، بەبۆچوونی من تا ئێستاش پەکەکە لەجیهانی هەشتاکاندا دەژیو لە کولتوری رێکخراوێکی بەلشەڤیی توندڕەودا دەژیو خوێندنەوەی بۆ هێزە سیاسیەکانی پانتایی باکوور و دەرەوەی کوردستان لە بۆچوونێکی نزیک لەچەوت تا راست دەژی، خوێندنەوەی ئەوی دی لەکولتوری پەکەکەدا لاوازەو جێگەدانانو بەڕەوا زانینی خەباتی ئەوی دیو شایستە دیتنی خەباتو قوربانیدانی ئەوانی دی جا بەشێوەی سیاسی دەبێت یان بەهەر شێوەیەکی دی لە کولتوری پەکەکەدا لاوازەو بەبڕوای من کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئایدۆلۆژی، سیاسی، رێکخستنیوبەتایبەتی لەکولتوری سیاسیی پەکەکەدا پێویستن بۆ ئەوەی ئێمە کەشێکی باشترمان هەبێت بەرەو پرۆسەی بەئاشتی گەیاندنی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان.

---

## پرۆفایل

**دکتور بورهان یاسین ساڵی ١٩٥٦ لەباشووری کوردستان لەدایکبووە.**

**ساڵی ١٩٨٣ چووە بۆ سویدو تا ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.**

**لە١٩٩٥ پلەی دکتۆرای لەمێژووی سیاسی لەبابەتی کوردستان لەسیاسەتی زلهێزەکاندا بەدەستهێناوە.**

**ئێستا مامۆستای زانکۆی لۆند_ سویدە.**

